# له دایکبوونی نووسەری ئازادیی

نووسینی بە ئینگلیزیی: د.کەمال میراودەلیی
وەرگێڕانی بۆ کوردیی: خەتاب سابیر

{هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە خوێندنەوەی راستییەکانی خۆی، لە تێگەیشتنی ناسنامەو مرۆییبوونی خۆی شکست دەهێنێ. بەم پێیەش هیچ کاتێک تامی ئازادیی ناکات، تەنانەت ناتوانێ خەونیش بە ئازادیی راستەقینەوە ببینێ.}

******

ئەمە چیرۆکی د.کەمال سەیید قادرە، کە لە گوندێکی بچووکی باشووری شاری هەولێر - باشووری کوردستان، ساڵی 1958 دا لەدایک بووە و لەساڵی 1978 دا بۆ وڵاتی ئۆتریش- نەمسا کۆچی کردووە. لەوێ لە قوتابخانەی یاسای ڤییەنا یاسای خوێندووە، دواتریش دوکتۆرای فەلسەفەی (PHD) ی لەیاسای نێودەوڵەتییدا وەرگرتووە. ئەو سەربەبنەماڵەیەکە کە 11 کەسیان بوونەتە قوربانیی لەئەنجامی خەباتی شۆرشگێڕانەی گەلی کورددا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دادپەروەریی لە عێراقدا. د.کەمال هەمیشە بەرامبەر ستەم و بێ دادیی زۆر هەستیاربووە، بۆیە بەردەوام چ لەرێگەی نووسینەکانییەوەو چ لەرێگەی کردەوەکانییەوە ویستوویەتی یاسا و ئارگیومێنتی رۆشنبیرانە بۆ بەگژداچوونەوی بێدادیی لە هەموو شوێنێک، بەتایبەت لەکوردستاندا پێڕۆ بکات.

کاتێك لەساڵی 1999 دا گەڕایەوە بۆ کوردستان بۆ وانە وتنەوە لەزانکۆی سەلاحەددیندا ، بە دیتنی کۆنترۆڵکردنی زانکۆکان و پەیمانگا ئاکادیمییەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە، جگە لە گەندەڵیی و بێ یاسایی و نادادپەروەریی کە سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردیی داوەشاندبوو، تووشی شۆکێکی گەورە بوو. ئەو کوردستانی بەجێهێشت و بە بێئومێدیی و بێزارییەوە بەرەو تاراوگە گەڕایەوە. دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی دژ بەگەندەڵیی لە وێبسایتە کوردییەکاندا. بەشێکی بەرچاو لە نووسینەکانی بەزمانی ئینگلیزیی لە وێبسایتی کوردیشمیدیادا kurdmedia.com بڵاوبوونەتەوە.

شەش مانگ لەمەوبەر کەم کەس لەکوردستان بە ناوی د.کەمال ئاشنابوون. هەنووکە ئەو ناسراوترین نووسەری کوردە کە زۆرترین مشتومڕی لەسەر دەکرێت، نەک تەنها لەکوردستاندا ، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا. ئێستا ناوی ئەو بە کێشەو پرسەکانی ئازادیی بییروڕادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنیی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای سیڤیلەوە لە کوردستاندا بە توندیی گرێدراوە. پرسیار ئەوەیە، چۆن ئەم ئاڵوگۆڕە خێرایە، بەو شێوە نموونەییە روویدا؟

دەکرێ بڵێین خۆتێگەیاندنی د.کەمال سۆکراتییانە بوو. مەبەستم ئەوەیە ئەو هەموو شتێکی دەکرد بۆ گوتنی یاخود هەوڵدان بۆ گوتنی راستییەکان بە هەر نرخێک بووایە، بۆ زامنکردنی مافی دەربرینی ئازاد و حەقانییەتی نووسەر بۆ ئەوەی تابووەکانی دەسەڵات بشکێنێ. بەکورتییەکەی ئەوەی د.کەمال سەلماندییەوە پرسی بەربەرەکانیی مێژوویی دوورودرێژی نێوان خامەو دەسەڵات ، ویژدان و بەرژەوەندیی تایبەتیی ، ئازادیی رادەربڕین و ترس لەقسەکردن بەراشکاویی بوو. لەکاتێکدا ئەم خەباتە بۆ زامنکردنی ئازادیی لە عەقلانییترین فۆرمی مرۆییدا زۆر دەمێکە لەوڵاتانی دیموکراتیکدا بە لای ئازادیی بییروڕادەربڕین و ئازادیی رەخنە لەدەسەڵاتی سیاسییدا شکاوەتەوە.

کەمال سەیید قادر بەشێوەیەکی یاسایی تژیی لە ئازایەتیی و رادیکاڵیی سەرسووڕهێنەرانە و رۆشنبیرێکی هاوچەرخ ویستی بەرەنگاری دەسەڵاتێکی خێڵەکیی و سیاسیی لەکوردستاندا ببێتەوە، بەشێوەیەک زۆر کەسی تووشی واق وڕمان کرد. زۆرکەس قسەکانی ئەویان بەهەند وەرنەگرت . هەموو ئەم بەیەکداقرژانە لەوانە بوو بە شێنەیی بگوزەرایە هەروەک هەندێ خەیاڵ و خۆنواندنی عەنتیکەی نووسەرێکی ساویلکە تێپەڕیی، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی بەو شێوەی کردی پەرچەکرداری بۆ نەبووایە. ئەو هەراوهوریاو درامایانەیەی پارتیی دژی د.کەمال بەرپایان کرد، ئەوەی نیشاندا کە خۆتێگەیاندنەکەی ئەو کارێکی بەراستیی و کاریگەرە. ئەمەش ئەو ساتەوەختە بوو کە زۆربەی نووسەرانی کورد، تینوو بۆ ئازادیی راستەقینەو کۆمەڵگای سیڤیل و بێزار لە بێدادیی و گەندەڵیی، چاوەڕێی بوون. بەم ئاقارە دۆزی د.کەمال نوێنەرایەتی پۆست_ مۆدێرن[1] و بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەل بارێکی سەیرو ناسازی

---

[1] - پۆست لەزمانی ئینگلیزییدا بخرێتە سەر هەر وشەیەک بەواتای ( دوای) ئەو شتە دێت بۆ نموونە پۆست مۆدێرنیزم بەواتای دوای مۆدێرنیزم

پری_مۆدێرن کە دەکرێ تەنانەت پێی بگوترێ پری_مێژوویی[2] لە بەشێکی کوردستاندا، دەکات.

پدک کە دەستی گرتووە بەسەر پایتەختی ئێستای باشووری کوردستاندا، ڕێکخراوێکی خێڵەکیی سیاسییە. لەرووی مێژوویشەوە لە چوارچێوەی هەژموونی بنەماڵەی بارزانییدا دامەزراوە. بەناوبانگترین سەرکردەی کورد مستەفا بارزانیی بوو کەسەرکرادیەتی شۆڕشی کوردستانی لە 1961 ەوە تا هەرەسی 1975 دەکرد. دواتر چوو بۆ تاراوگە لە ئەمێریکا بەهۆی شێرپەنجەوە ساڵی 1979 گیانی سپارد. کوڕانی بارزانیی لەئێران مانەوەو لەلایەن هەردوو ڕژێمی شاو ڕژێمی خومەینییەوە ڕێکخرانەوەو پڕچەک و پڕپارە دەکران، بۆ پاراستنی ڕۆڵی سێنتراڵ و سەپاندنی سەرکردایەتی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی کوردا.

لەوکاتەوە بەروالەت خۆیان لەکاروباری خەباتی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان تێگەیاندووەو هەر لەو کاتەیشدا لە شەڕکردن لەگەل بزووتنەوە کوردییە سیاسییەکانی تر لەپارچەکانی کوردستاندا کاریگەر بوون. دیارە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی ئەو وڵاتانەوە پشتگیریی کراون. بەدناوترین مێژووی کاری نزیکیان هاوپەیمانییان لەگەڵ سەدامدا بوو کە بانگهێشتنی هێزەکانی عێراقیان بۆ داگیرکردنی هەولێر لە 31ی ئابی 1996 دا کردو هاوکارییان کردن. سوپاس بۆ تانکەکانی سەدام و سوپای تورکیا، لەوساوە پارتیی کۆنترۆڵی هەولێری کردووە. کە باسی ئەمە دەکەم، مەبەستم گێڕانەوەیەکیی مێژوویی نییە، بەڵکوو بۆ بەدەرخستنی پێشینەی هەندێ ڕووداو فاکت و مێژووی نزیکن، بۆ ساگای[3] د.کەمال سەیید قادرو ڕەهەندەکانی.

دەسەڵات ڕقی لە ڕاستییەو لێیشی دەترسێ، چونکە ڕاستیی زانیاریی دەدات لەسەر ئەو وردەکارییانەی کە چۆن دەسەڵات مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکات، هەروەها ئەو پێوەندییانەی دەسەڵات کە دەکرێ تۆماربکرێن، بەرهەم بهێنرێنەوە، پەخشان بکرێن، تێکبشکێنرێن، دەمکوت یان تابوو بکرێن.

---

[2]- پری بەواتای پێش دێت ، ڕێک پێچەوانەی مانای پۆست دێت. ( وەرگێڕ)

[3]- ساگا ( Saga ) بەمانای نەبەردی پڕ لەقارەمانییەتیی و ئازایەتیی دێت،. یان چیرۆکێکی پاڵەوانانەی دوورو درێژ.( وەگێڕ )

هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە خوێندنەوەی راستییەکانی خۆی، لە تێگەیشتنی ناسنامەو مرۆییبوونی خۆی شکست دەهێنێ. بەم پێیەش هیچ کاتێک تامی ئازادیی ناکات، تەنانەت ناتوانێ خەونیش بە ئازادیی راستەقینەوە ببینێ. لەم روانگەیەشەوە هەمیشە دەسەڵات چۆن شەڕی راگەیاندووە دژی "راستیی"، هاوکات شەڕ لەگەڵ گیانی مرۆییبوونیش دەکات.

لە باشووری کوردستان ، زۆر رۆژنامەو کەناڵی سێتەلایتی تی ڤی، رادیۆو زۆر میدیای تر هەن. هەفتانە چەندین میلیۆن وشە دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە. زۆر نووسەر هەن قسە لە هیگڵ، پۆست مۆدێرنیزم، دێریدا( Derrida )، فووکۆ[4] و بەیەکدادانی شارستانییەکان دەکەن. زۆر نێوەندی تر هەن گوایە سەربەخۆن و قسە لەسەر دایەلۆگ و دیموکراسیی و کۆمەڵگەی سیڤیل دەکەن، لەمەش پتر شتێکی سەیرو سەمەرە هەیە " پارلەمان"ی پێدەگوترێ.

لەکۆتایی ساڵی رابردوودا نزیکەی پەنجا رۆژ لەکوردستان بووم ، بەداخەوە دەڵێم ئەمانە هەر هەمووی، ساختەن. هەروەک چۆن لەسەردەمی سەدامدا، بگرە لەهەندێ دۆخدا خراپتریشە، لە بەر نەبوونی هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێک. هەموو رۆژنامەکان لەیەک دەچن، تەنها ئەوە نەبێت بە شێوازی جیاجیا دەردەچن. هەموو ئەو چەندین میلیۆن وشەیەی کە دەنووسرێ و دەگوترێتەوە، هەمان ئەجێنداو گوتاری سیاسیین کە بەشێوازی جودا جودا خزمەت بە دەسەڵاتی عەشیرەتیی حیزبە سیاسییەکان دەکەن. ئەم چەندین میلیۆن وشەیە خەڵک بەلاڕێدا دەبەن بۆ ئەوەی تراژیدیا هەنووکەییەکانیان لەبیربچێتەوە، دووچاری مێشک شۆرینەوەو بەنجکردنیان دەکات بۆئەوەی هەست بەئازارەکانیان نەکەن و ئەو ئازادییە بەدەست نەهێنن کە لە دەستیاندایەو بە خوێن و فرمێسك و قوربانی خۆیان بەدەستیان هێناوە، مافی چارەنووسی خۆیان چ وەك تاك، چ وەک نەتەوە بەدینەهێنن.

تۆ تەنها یەک پرسیارت دەوێ بیکەیت، تا بزانی کۆمەڵگەیەک دیموکراتییە یان فاشیستییە. پرسیارەکەش ئەوەیە: کێ کۆنترۆڵی میدیا دەکات؟ لێرەوەیە کاتێک حیزبە سیاسییەکان مۆنۆپۆلی میدیاو خاوەندارییەتیی کەناڵەکانی راگەیاندن

---

[4] - Foucault

دەکەن، بێ ئەملاوئەولا و بێ چەندوچوون ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی فاشیستە یان کۆمەڵگەیەکە فاشیزم لە ناخیدایەو بە نهێنی یان ئاشکرا کاری خۆی هەر دەکا.

رژێمی بەعس لە گۆڕ نرا بەڵام خراپترین کولتووری بەعسیزم لەکوردستاندا بەزیندوویی ماوەتەوەو پەرەی پێدەدرێ وەك: ئۆلیگارکیی بنەماڵەیی. پاوانکردنی سامان، زەوی و سەرەکییترین هۆکارەکانی ژیانی خەڵک، میدیا، رێکخراوە پیشەییەکان و ئابووریی هەمووی لەدەستی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکاندایە. هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەسەر ئۆلیگارکیی دوو بنەماڵەو کۆمەڵێ خەڵکی گەندەڵ، کەناوی خۆیان ناوە مەکتەبی سیاسیی ئەو دوو حیزبە راوەستاون. هەموو پۆستەکانی بەغدا و کوردستان، تەنانەت پۆستەکانی باڵوێزەکانی عێراق و ئۆفیسەکانی حکومەتیشیان لەنێوان خۆیاندا و خێزانە نزیکەکانی دەوروبەریاندا، دابەشکردوون.

ئەم بنەماڵانە هەموو بڕیارەکانیان لەدەستی خۆیاندا کۆکردووەتەوەو هەموو شادەمارە سەرەکییەکانی ژیانیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ دەزگایەک و رەواییەکی دەستووریی و یاسایی یان هەر شتێکی تر لە چەشنی نەخشەدانان و راوێژکاریی و پرسکردن بەرای خەڵک و سەرنجی ئەوان، پاوانکردووە. بۆ پاکانەکردنیش لەسەر ئەم هەموو قۆرخکردنە ، هەردوو حیزب تەنها شتێکیان هەبێ شانازیی پێوەبکەن گەڕانەوەیانە بۆ رابردوو. ئەم دوو حیزبە وای دادەنێن هەرکەسێ گیانی لەدەست دابێت لە پرۆسەی شۆرشی کوردستاندا ( بەدڵنیاییەوە بنەماڵەی سەیید قادریش ) ، بەشەهیدی خۆیانی پۆلێن دەکەن. بەمەشەوە ناوەستن، شەهیدەکان و کەسوکاری شەهیدەکانیش دەکەنە مڵکی خۆیان. جا چیی هی ئەوان نییە؟ هەموو شتێک کە گەلی کورد خەباتی بۆکردو قوربانیی بۆ دا، هی ئە وانە. ئەوان ئێستا خاوەنی شارەکانن، چونکە دوێنێ ' شۆڕشگێڕی شاخ' بوون.

بەڵام بنەماڵەی بارزانیی زۆر لەمەی زێتر تێپەڕاندووە، ئەوان کەڵتی[5] "سەرۆکپەرستیی" و ئایدۆلۆژیی "بارزانیزم"یان داهێنا. ئەم ئایدۆلۆژیایە وەک

---

[5] - Cult ... بەواتای پیرۆزپەرستی لەئاییندا یان کولتووری کۆیلەپەرستیی لەناو سەرابی پیرۆزراگرتندا دێت

هەر ئایدۆلۆژیایەکی ملهوڕیی و تۆتالیتاریی لەسەر ئەم جۆرە بنەمایانە ڕاوەستاوە.

- چەمکی سەرەتاو بناغە بوون: ئەوان بڕوایان وایە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بارزانیی هەڵیگیرساندووە، بۆیە خۆیان بەخاوەنی شەرعیی ئەم بزوتنەوەیە دەزانن.

- چەمکی نێوەندێتیی و بەردەوامیی: بەم پێیە دەبێ ئەو بنەماڵەیە سێنترالی سەرکردایەتیی لەبزوتنەوەی سیاسیی کورددا لەدەستیاندا بێ، هەر ئەوانیش بڕیاری ئەم رۆڵە دەدەن. هەرکاتێکیش هەست بەوە بکەن کە رۆڵی سێنترالیی لەدەست دەدەن لەهەر بزوتنەوەیەکدا، ئەوا دەرک بەوە دەکەن کە سەرکردایەتی لەدەست دەدەن. لێرەوە ئامادەن دەست تێکەڵ بکەن لەگەڵ هەر هێز و لایەنێکدا دژی ئەو رەوتە سیاسییەی کە ئەوان رۆڵی تێدا نابینن.
- چەمکی باوکسالاریی و پیرۆزیی: کاتێک ئەوان بارزانیی بە باوکی گیانیی بزوتنەوەی کورد دەناسێنن واشی دادەنێن کە نەوەکانیشی جێگرەوەی ئەون و بنەماڵەیەکی پیرۆزن، بۆیە دەبێت هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لەسەرووی رەخنەوە بن، ئەگەر هەرچییەک بکەن. ئەمانە مافێکی سروشتیی و بەڵگەنەویستیان هەیە کە دەستیان لەدەسەڵات و سەرکردایەتیی بەرنەبێت و کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکەن و خاوەنی هەموو شتێک بن و لەجێگەی هەموو گەلی کوردیش بڕیار بدەن.

لەکاتێکدا گەلی کورد بۆ یەکەم پارلەمان لەساڵی 1992 دەنگیان دا، زۆر لە رۆشنبیرانی کورد داوای ئەوەیان کرد ، هەموو دەسەڵات بەشێوازێکی دیموکراتییانە لەپارلەمانەوە سەرچاوە بگرێ، بۆ ئەوەی رێگە لە دووبەرەکیی نێوان سەرکردە سیاسییەکان بگیرێت. لە چوارچێوەی ئەو کارەدا پێشنیاز کرا کە سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستان ببێ بە سەرۆکی پارلەمان ، بەڵام لایەنە بەرپرسەکانی حیزب بە توندیی دژی ئەمە بوون. دیارە ئەم هەڵوێستەیان لەکاتی خۆیدا لە رۆژنامەکانی حیزبدا بە فەرمی بڵاوکرایەوە. وەڵامەکەشیان ئەمە بوو ( سەرۆک زۆر پیرۆز و بڵندە ، چۆن دەکرێ قبووڵ بکرێ

ببێ بەسەرۆکی پارلەمان، ئەی ئەگەر پرسیارێکی نابەجێی لێکرا ، ئەمە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر مەزنیی و پیرۆزیی سەرۆک، بۆیە حیزب بەهیچ کلۆجێ ڕێگە نادات ئەم شتە ڕووبدات.) سەرئەنجام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێنج ساڵ شەڕو خوێنڕشتنی نێوخۆی لێکەوتەوە.

کاتێک میدیاکانی حیزب ئەم چیرۆکەیان بڵاوکردەوە، زۆرێک لە نووسەران قسەیان لەسەر دیموکراسیی و ڕۆڵی پارلەمان و کۆمەڵگای سیڤیل دەکرد. بەڵام کەسیان ئەم بیردۆزەی دەسەڵاتیان(کە سەرکردەی خێڵ زۆر پیرۆزترە لە پارلەمان ) بەهەند وەرنەگرت و زۆریش بە نۆرماڵیان زانی. تا هەنووکەش لە پاش دوو دەیە هێشتا چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێ لەکۆمەڵگەی کوردییدا تەنانەت لە تاراوگەش، کەسێک بە چاونەترسیی و ڕاشکاویی بوێرێت ڕەخنە لەم سەرکردە ئۆتۆکراتییانە بگرێ.

بەڵام کەمال سەیید قادر ئەمەی کرد.

ئەو زمانێکی بوێرو بنکۆڵکەرانەی بەکارهێنا هەتا ئەو ئەفسانەو پیرۆزییانەی دەسەڵات و سێنترالیزم و بەردەوامیی دەسەڵات تێکبشکێنێ. هەروەها بەرامبەر لۆژیکی سەدەکانی ناوەڕاست بوەستێتەوە، لۆژیکێک کە نامۆراڵیی لە کردەوەدا قبووڵ دەکات بەڵام ناتوانێت بەرەنگاری ئەو ڕەخنانە ببێتەوە کە ڕاستییەکان دەخەنە ڕوو یان ڕەخنە لە دیاردەکان دەگرن.

کەمال پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، نامەیەکی کراوەو ڕاستەخۆی بۆ بەڕێز مەسعوود بارزانیی نووسی. لەوێدا پێی گوت سەبارەت بە مەبەستی گەڕانەوەکەی بۆ هەولێر و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیی لە دادگادا بە یاسایی و شێوازێکی شارستانییانە بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو پڕوپاگەندانەی کە شانازیی بە دڵسۆزیی و ناسیۆنالیزمبوونی پاک و بێگەرد و مێژووی نەپساوەو بەرخۆدانی بنەماڵەکەیانەوە بۆ دیارییکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەیکەن. ئەم نامەیە لە وێبلاگی کوردستانپۆستدا بڵاوبووەوە، ئەمە کێشمەکێشی نێوان شۆڕشی میدیای ئازاد ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی ئینتەرنێت و بنەماڵەی بارزانیی بردە ئاستێکی سەرتاپا نێودەوڵەتییەوە.

وێرای ئەو روونکردنەوەو بەرامبەرکێیە ئازایانەی د.کەمال لەسەر گەندەڵیی و خیانەتی نیشتمانیی و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەی لەکوردستاندا هەیە دەری بڕیون، ئەو کێبەرکێی راستەوخۆی نەک هەر لەگەڵ سەری ئەفسانەو فیگەری "بارزانیی" دا کرد، بەڵکوو لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیایەش کە "بارزانیزم"ی چێکردووە. ئەمەش زۆرترین دڵەڕاوکێی لای بنەماڵەی بارزانیی دروستکرد. لەم ئاستەنگەوە بنەماڵەی بارزانیی لە ئەنجامی بەکرێگرتنی زۆرترین نووسەرانی نزیک لەدەسەڵاتەوە لەئاستێکی بەریندا ویستیان تێرۆری کاراکتەری د.کەمال بکەن و لە ئارگیومێنتەکانی دابەزێنن و بیهێننە ئاستی جوێندەرێکی دەمپیس و بە زیندانییش بە کەسێکی دەروون نەخۆش و پەڕپووتی بچوێنن .

کاروکردەوەکانی د.کەمال لەئەنجامی هەڵچوونەوە نەبووە، بۆ ناوبانگیشی نەبووە، ئەو یاسای خوێندووەو دەیزانی کە کەیسێکی گونجاوی یاسایی هەیە. دەیزانی کەبەرەنگاری چیی دەبێتەوەو خۆیشی بۆ ئامادەکردبوو. بەڵام ئەو خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو کە لەدادگادا رووبەروویان ببێتەوە هەر بەو شێوە شارستانییەی کە خۆی لە نەمسا فێری بووەو لەژیانیدا تاقیکردووەتەوەو بە پێی بنەماو یاساگەلێکی ئەوروپیی.

لێرەدایە کە دەکرێ بگوترێ د.کەمال سەیید قادر لەمەدا ساویلکە و کورتبین بوو. ئەو پێی وابوو بەسەرنگومبوونی رژێمی سەدام، ئیتر کوردستان جیایەو ئازادیی تێدایە. بەتایبەت پاش ئەو هەموو قسەکردنە لەسەر یاسا و دیموکراسیی و مافی مرۆڤ، ئەو پێی وابوو دەتوانێ شەڕێکی یاسایی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانییدا بکات، ئەو بنەماڵەیەی کە بەوە تاوانباری کردوون لەساڵی 2000 دا ویستوویانە بیکوژن. لەهەردووباردا، لەبردنەوەو دۆڕاندنی کەیسەکەی لەدادگادا، ئەو وای بیردەکردەوە کە خزمەت بەو هۆکارانە دەکات کە راستییەکان بگوترێن، جگە لەوەی خزمەتیشە بە پرۆسەی ئازادیی بییر و ئازادیی مرۆڤ لە کوردستاندا.

بەڵام وەک دەرکەوت، ئەم رێگەیە رێکوڕەوان ئەوەبوو کە بنەماڵەی بارزانیی خۆیان لێی دەددزییەوە. ئەوان دەیانتوانی د.کەمال لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان پشتگوێ بخەن، بەڵام بە رێگەی خۆیان فڕاندییان، بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن. کاتێکیش لەمەدا سەرکەوتوو نەبوون، داداگایەکیان دامەزراند و بە پێنج

خوولەک سیی ساڵ زیندانییان بەتەنگەیدا دادا. بنەماڵەی بارزانیی هیچ هەڵەیەکیان لەوەدا بەدی نەکرد کە بۆ ئەو سیی ساڵ حوکمە، پەنایان بۆ هەمان یاساگەلێک برد کە یاساکانی سەدامە و بۆ پاراستنی لە هەڵەبەدەریی و پیرۆزیی دیکتاتۆر دانرابوون.

کەمپەینێک بۆ ئازادیی د.کەمال سەیید قادر دەستبەکاربوو، لە خوشکەکانی د.کەمالەوە (دانیشتووی ئاڵمانیا) دەستیپێکرد. ئەنجامی زۆر سەرکەوتووانەی بەدەست هێنا. پتر لە 500 کەس لە نووسەران و رۆشنبیرانی کورد ، زۆربەیان لە هەندەران و پارچەکانی تری کوردستانن، ئەو داخوازیینامەیەیان دژی دادگاییکردنی د.کەمال لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە واژۆ کردو داوای دەستبەجێ ئازادکردنی د.کەمالیان کرد. ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و یانەی نێودەوڵەتیی قەڵەم و هەردوو حکومەتی ئەمێریکا و نەمسا راستەخۆ بەشدارییان لەسەرکۆنەکردنی ئەم دادگاییە دەربڕی و میدیای نێودەوڵەتییش کەیسەکەی ورووژاند.

بنەماڵەی بارزانیی سەرئەنجام تەسلیمی رووداوەکان بوون، بۆیە تاکتیکی ئەوەیان بەکارهێنا کە د.کەمال سەیید قادر 30 ساڵەکەی لەسەرلاچووە لە دادگای تێهەڵچوونەوەداو ئەو بەتەواویی ئازادە. بەڵام ئەمە راست نەبوو ، پاش مانگێکیش د.کەمال هەر لەزینداندایە.
...................
ئەم وتارە بە زمانی ئینگلیزیی لەم سایتانەدا بڵاوکراوەتەوە:
http://www.kurdistanreferendum.org/viewhome.asp?Events.ID=344
http://www.kurdmedia.com/articles.asp?id=11541
http://www.onlineopinion.com.au/view.asp?article=4204

هەروەها لە گۆڤاری ئەدەبیی Exiled Writers Ink دا لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە. ( وەرگێر).